خەبات

عەبدوڵلا پەشێو، پشت لە نەواو روو لە کرێوە

کۆشیعری ساڵانی 1965-1979

تاریق ساڵح

بەشی یەکەم

عەبدوڵلا پەشێو ئەو شاعیرە دیارەی نێو ئەدەبیاتی شیعری کوردییە کە ساڵانێکە بەزمانی ئاگرو گوڵ لەگەڵ هەواداران و گوێگرانی دەدوێ لەرێگەی شیعری تەڕو پاراو و ناسک مامەڵە لەگەڵ ڕۆژگار و زەمەن دەکات بە گوێرەی پێویست ڕووداوو گرێ کوێرەکان دەخوێنێتەوە و شیدەکاتەوە. زمانێکی سادە، بەڵام تاموبۆی مۆرکی کوردانە تابلۆی شیعرەکانی کێشاوەو وشەی لە خزمەتی دەق داناوەو لەوێشەوە چارەنووسی خۆی بەدەق و شیعر دەبەستێتەوە، لەبەر ئەوەی پەشێو وەک شاعیرێکی بەتواناو باڵادەست، شیعری وەک عەشق و چارەنووس وەرگرتووە، نەک پیشە: ئەوەتا خۆی دەڵێ:

شیعر بۆ من؛
عەشق و چارەنووسە، نەک پیشە.
میحرابە، نەک، بازاڕ
نانبڕە، نەک ناندەر
شیعر خاچێکی قورس بوو چارەنووس دای بە
کۆڵی خۆم و ئەو کەسانەشدا کەلێمەوە نزیکن.

وەک دەبینین پەشێو خاچی شیعر بە کۆڵی خەمەوە دەدا بە شانی خۆیی و ئەو کەسانەی کە لێیەوە نزیکن، واتە ئەوانەی لە زمانی شیعری ئەو دەگەن و لەگەڵ خەم و مەینەتییەکانی دەژین، ئەم خۆی دەزانێ چ دەڵێ و چۆن شاعیر وەک زمانحاڵی گەل و نەتەوە وەسف دەکا. هەردووکیان وانە شاعیرو هۆگرانی بە تەواوکەری یەکتر دادەنێ.

گەر سەرنجێکی ئەدیبانە بەنێو دیوانە شیعرییەکەی عەبدوڵلا پەشێو دابخشێنین دەبینین ئەو شیعرانەی لەناوەڕاستی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان زیاتر بۆنی گەنجانەیان لێ دێ و تنۆک و چۆڕاوی عشقیان لێ دەتکێ.

هەر دوێنێ بوو لێرانەدا
هەر لەم شوێنە وێرانەدا
بەڕابواردن بەلێو مژین
خەندەمان نا سەر لێوی ژین
تا دەڵێ:
هێشتا قاقای پێکەنینت
چرپەو سکاڵای شیرینت
لەبەرگوێم دەزرینگێنەوە
هەروا دێ و نابڕێنەوە
ساچۆن دەبێ لەبیرت کەم؟

چۆن بۆم دەکرێ دڵگیرت کەم؟

لەلایەکی دیکە وەک دەبینین ئەو شیعرانەی ناوەڕاستی شەستەکان بەزمانێکی سادەو شێوازێکی دواندەیی نووسراون لە هەمانکاتیشدا فۆرم ناوەڕۆکێکی مەجازیانەی زۆر سادەیان هەیە.

کیژۆڵەی دڵگیر ئەی لەخۆبایی
بۆچی دەمکوژیت بەناڕەوایی؟
بۆچی دڵڕەقی بەرامبەر بەمن،
کەبت پەرستم هەتاکوو مردن!
دەزانم بۆچی دڵ پڕ لە قینی،
لەچەقی ڕێگەش هەرگیز نامبینی

وەک بینیمان پەشێو چەندە بەسادەیی و بەرائەتانە یارەکەی دەدوێنێ و وشەی بۆ دەکاتە ملوانکەی شیعری و لە باڵای هۆنراوەدا دەیهۆنێتەوە، لە هەمانکاتدا بەشێوازێکی زۆر شاعیرانە و هونەری هۆنینەوەی شیعر و ئیدی ئەو لاوە کوردە پاک و بێ گەردە دەنەخشێنێ، کە بە هەژاری و نەداری ژیان بەسەر دەبات:

چونکە لاوێکم، ڕاستم فێڵباز نیم
چونکە چاو بازنیم، بەفێرو نازنیم
چونکە جل ڕەنگاو ڕەنگی جادە نیم
چونکە قومارچی و فێری بادەنیم
تا دەڵێ:
چونکە هەژارم، خاوەن تەلار نیم
بەندەی سەربەرزیم، بەندەی دینار نیم
چونکە لەجیاتی دیاری یا سامان
پێشکەشم کردی دڵێک تا نەمان!

عەبدوڵلا پەشێو

پێویستە بگوترێ شاعیر لەتێکڕای شیعرەکانی وشەو زاراوەی کوردی پەتی و ڕەسەنی بەکارهێناوە و خۆی پاراستووە لەبەکارهێنانی وشەو زاراوەی بێگانە، لەلایەکی دیکەش جگە لە بابەتی دڵداری، بابەتەکانی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیش بەشێکی دیاری شیعرەکانی پەشێویان داگیرکردووە.

کرێکارین، کرێکارین
پەروەردەی ئێش و ئازارین
ئارەقڕێژین
ژین دەنێژین
تاکو بژین

عەبدوڵلا پەشێو وەک شاعیرێکی دڵ و دەروون پڕ کەف و کوڵ و پڕ لە جۆشی عشقی نیشتمان کەسی بەرامبەر دەدوێنێ پێمان دەڵێ:

تف لەو دڵە پڕ لە سستیە
کە هەر فێری ژێر دەستیە
تف بە جوانیی ئەو دوو چاوە
کە بۆ چاوبازی خولقاوە
نابینێ نیشتمانەکەی..
ئازاری خاکە جوانەکەی
تف لەو گوێچکە چەند سەگسارە
چەند مووچە بۆ دەنگی پارە
بەڵام دوورە لە بیستنی
کوردایەتی

عەبدوڵلا پەشێو جیا لەوەی وەک شاعیرێکی ڕادیکاڵیانەی شیعر ڕەنگین شیعر بۆ ژیان و نیشتمان و عیشق و جوانی دەنووسێ، لە هەمانکاتدا وەک شاعیرێکی لیریکی«گۆرانی» ناسراوە، کەزۆربەی شیعرەکانی لەلایەن هونەرمەند و گۆرانیبێژە دەنگخۆش و ڕەسەنەکانمان کراون بە گۆرانی وەک:

لەدوورەوە ناوت بیستووم
ناشارەزا خۆشت ویستووم!
گوایە لەگەڵ شیعرەکانما زۆر ژیاوی
شەوەهای شەو
تەزووی شیرینیان پێداوی
نەتناسیوم
بڕوابکە نەتناسیوم،

کە هونەرمەند سابیر کوردستانی بەدەنگە پڕ جۆش و خرۆشەکەی کردوویەتی بەگۆرانی. یان ئەوەی کە هونەرمەند هاوتا ئەسعەد بەدەنگە زوڵاڵەکەی دەیچڕێ:

شەو ڕاشکا
ئەژنۆم شل بوو
مانگ بە تاقی ئاسمانەوە هەڵپڕووکا
دەرگەکەتم لێ بکەوە!
ئەم شەو هاتووم
بۆ چنینی
چەپکە نێرگزی چاوت
بۆ وچانێ
بۆ خەونێ، تۆزە گریانێ،
لەسەر هەوری قژی خاوت.

هەر لە خوێندنەوەی شیعرەکانی پەشێودا هەنگاو بە هەنگاو ڕۆدەچینە نێو سیحرو جوانی دەق و وشە، ناوەڕۆک ڕامان دەکێشێتە نێو دەریایەک ڕامان و بیرکردنەوە، کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان شیعرەکانی شاعیر لەوپەڕی باڵادەستی و ناوەڕۆک جوانی خۆیان پیشان دەدەن:

خۆشەویستم! نامەکانم بسووتێنە
ئەو هۆنراوەی بۆت نووسیوم
سێدارەی بۆ دامەزرێنە
دڵگیرمەبە
لەلای ئێمە، نەک تۆ، پیاویش
لەسەر وشەیەکی باڵدار
قۆڵبەست دەکرێ و دەدرێ لەدار.

ڕۆڵی زانست و پەروەردە و گۆڕان لەهۆنراوەکانی عەلی بەختەوەری شاعیردا

جەمال جەلال

لەم چەند ساڵانەی دواییدا گەلێک بەرهەمی بەپێز لەهۆنراوەو چیرۆکی منداڵان لێرەو لەوێ بەرچاو دەکەون،بەرهەمەکان بەشێوەیەکی گشتی خزمەت بە توێژی منداڵان وئەدەبە بێگەردەکەیان دەکات کە لێوان لێوە لەخەون و خۆزگەو ئاواتی رەنگاو رەنگ. ئاشکرایە منداڵان ئەو توێژە ناسک و هەستیارو گرنگەن کەنەوەی دوارۆژی گەلەکەمانن، ئاسۆی وڵات دەنەخشێنن، لەسەردەستی ئەوان چاکسازی و گۆڕان و گەشەسەندن دێتە ئەنجام، نەوەیەک لەسەر بنچینەی زانست وزانیاری بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگەی کوردی روو لەم گەشە سەندن وپێشکەوتنە دەکات و ئاسۆ روون دێتە بەرچاو..


عەلی بەختەوەر

دیارە منداڵ وەک بوونەوەرێک هەر لەقۆناغی زووەوە پێویستی بەپەروەردەیەکی مۆدێرن و توکمەی پڕ لەزانستی نوێ هەیە، تاکو لەسەر بنچینەیەکی ڕاست و دروست نەش ونما بکەن بۆ ئەوەی ببن بەنموونەیەکی بچووککراوی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردەواری، ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە خستەڕووی چەند هۆنراوەیەکی پەروەردەیی منداڵانە کەلەلایەن عەلی بەختەوەری شاعیر بەشێوەی نامیلکە چاپکراون، هۆنراوەکان جەخت لەسەر لایەنی زانست وزانیاری دەکات شاعیرزانست بەفاکتەرێکی هەرەگرنگ دەزانێ کە لەسەر دەستی ئەم وەچە نوێیە گۆڕانێکی سەرتاسەری لەکوردستان بێتە ئارا.

شاعیر لە دەستپێکی هۆنراوەی (چەکی زانست)دا دەڵێ:

قوتابی کورد بزانە
بیرکەوە سەر بەرزانە
ئەوەی گەلانی پێشخست
چەکێکە ناوی (زانست)...

لەم هۆنراوەیەدا شاعیر چاک دەرکی بەرۆڵی زانست کردووە، دەزانێ گەلانی دنیا لەرێگەی خوێندن و زانست گەیشتوونەتە لوتکەی شارستانی کەبەچەکی سەردەم ناسراوە، نەک چەکێک وڵات وێران بکات ومنداڵان بێ باوک و دایکان بێوەژن بکات، شاعیر لەهۆنراوەکەی بەردەوام دەبێ ودەڵێ:

زانست وتەکنەلۆژیا
لەبواری جیاجیا..
وەک (ڕۆبۆت) (مانگی دەستکرد)
شۆڕشی نوێ بەرپاکرد..

بەهەقیقەت شۆڕشی ئەمڕۆی گەلانی خاوەن عەقڵ و دیدەرۆشن شۆڕشی زانست و زانیارییە، نەوەک کوشتن و بڕین و تاڵانکردن،ئەو شۆڕشە کەخەونێک بوو گەیشتە قۆناغی راستی

پاشان دەڵێ:

(کارەبا)و(ئەلکترۆن)
دریدا بەچاخی کۆن
بزانن چۆن (ئەورووپا)
گەیشتن بەپلەو پا
(خوێندن) و (کار) و (زانین)
سەرچاوەی کامەرانین.

شاعیر زۆر لێزانانە نموونەی ئەو گۆڕان وخۆشگوزەرانی وپێشکەوتنەی لەئەورووپادا هەیە بۆ منداڵانی کورد دەخاتە روو کەچۆن ئەو داهێنان و زانستەیان بۆ سوودی گەلەکەیان قۆزتۆتەوەو ئەمڕۆکە خاوەنی شارستانین و بەوڵاتێکی پیشەسازی پێشکەوتوو ناسراون،منداڵانی کورد دەبێ بزانن ئەو بوارە پەروەردەییانە چین کەپێویستە بگۆڕدرێن، بەختەوەر ئەم پێشکەوتنە بۆ سێ هۆکار دەگەڕێنێتەوە کەخوێندن و کارکردن و زانینی نوێیە.

لەهۆنراوەی (لاوی سەردەم) بەختەوەر بانگەوازی لاوانی خوێن گەرم دەکات بۆ ڕابوون گۆڕانکاری لەم دۆخە چەقبەستووە شاعیر چاک دەزانێ گەنج ولاوانی کوردستان تینووی شارستانی وپێشکەوتنن و لەم متبوونە نیگەرانن و بێزاری لەهەڵس و کەوت و روخساریان دیارە، شاعیر هاوار دەکات و دەڵێ:

هۆ لاوی کوردستانی
ئەی تینووی شارستانی
مێشکت زاخاوە هەردەم
بەزانین، بیری سەردەم...

لاو ئەو بوونەوەرە پڕ لەهێزو جوولەو توانایەیە ئەگەر بواری بۆ بڕەخسێ پێداویستیەکانی بۆ فەراهەم بکرێ گەورەترین داهێنان بەرپا دەکات، بانگەوازی شاعیر بۆ لاوانی کورد بۆ فێربوونی زانین وتیۆرە زانستیەکانی سەردەمی نوێیە، ئەمڕۆ جیهان بۆتە گوندێکی بچووک پێویستە ئێمە لێی بەهرەمەندبین و بەمێشکێکی کراوە هەڵسوکەوت بکەین ولەکاروان دانەبڕێین وئەم گۆڕانە بەدەرفەتێک بزانین بۆ پێشکەوتنی گەلەکەمان.

شاعیر لەهۆنراوەیەکدا بەردەوام دەبێ ودەڵێ
:

ئەم گۆڕانە ڕەوتێکە
بۆ ئێمە دەرفەتێکە
بازوو مەچەک هەڵماڵین
ئەوەی پووچە ڕایماڵین
کلیلی چارەسەری
گۆڕانی سەرتاسەری ...

شاعیر زۆر ڕاشکاوانە کلیلی چارەسەری دەخاتە بەردەم توێژی لاوانی کوردو هۆشداری دەدات کە زەمەن زۆر خێرا و تێژڕەوە... ئەگەر فریای خۆمان نەکەوین، هەر لەپەراوێزدا دەمێنینەوە کلیلی چارەسەریش هەڵتەکاندنی بیرو باوەڕە کۆن ورزیو بەسەر چووەکانە، تاکەی لەئێستایەکی تێکشکاودا بژین و جوولە نەکەین؟

ئەمجارەیان بەختەوەری شاعیر هانا بۆ منداڵان دەبات وئەو گۆڕانکاری ووەرچەرخانەی لەوڵاتانی (خۆرئاوا) دابەدی دەکرێ پروشکی بگاتە کوردستانی ئێمەو لێ ی سوود مەندبین.شاعیر **لەهۆنراوەی (دەنگی زانست)دا دەڵێ:**

منداڵانی کوردستان
وەچەی ڕابوون هەستان
وامەزانن(خۆرئاوا)
لەخۆڕاییدا.. ئاوا
سەرقافڵەچی وپێشەنگن
خاوەنی سەنگ و دەنگن
داهێنان و شتی نوێ
لەلایان دەست دەکەوێ...

شاعیر هێندە پەرۆشی زانست وزانیارییە بۆ ئەم گەلە ستەمدیدە، دەیەوێ لەرێگەی هاندانی جگەرگۆشەکاندا کوردستان ببێتە وڵاتێکی خاوەن شارستانی پێشکەوتووی ئاشتیخواز، منداڵان بە وەچەی ڕابوون و هەستان بانگ دەکات تاکو لەنهێنی پێشکەوتنی وڵاتانی خۆرئاوا تێبگەن کەئەمانیش ساڵانێک بوو لەچەرخی تاریکیدا دەژیان،لەرێگەی خوێندنی بەسوودو زانستی نوێ ئەم پێشکەوتنەیان چەنگ کەوتووە پاشان دەستنیشانی ئەو هۆکارانە دەکات ودەڵێ:

باگشت هەوڵێکمان ئیمڕۆ
چی خوێندگایە و زانکۆ
بخەینە گەڕ بۆ زانین
بەگرنگیان بزانین
دەستپێکی گشت کارەکان
گۆڕینی پرۆگرامەکان
پرۆسەی ئەم گۆڕانە
سەرەتای هەنگاونانە
بەرەو دنیای هاوچەرخ
پڕ بەهای جوانی ونرخ
گۆڕانی بی لەڕەگا
کورد بەئاواتی بگا...

خەمخۆری شاعیر لەپێناو شۆڕشێکی زانستی کەلە کوردستان بێتە ئارا تەنها لەقۆناغەکانی خوێندن دەخوێنیتەوە، داخەکەم هەر لە خوێندنی سەرەتاییدا تاکو قۆناغی زانکۆ پرۆگرامەکان کۆن و بەسەرچوون، هیچ گۆڕانێکی بنچینەیی بەدی ناکەین، وەک زانراوە پەروەردە سامانێکی نیشتیمانییەو ژیان و داهاتووی گەلەکەمانی پێوە بەندە، هەقە حکومەتی کوردستان زۆر بەخێرایی لەهەوڵی گۆڕینی پرگرامەکانی خوێندن تواناکانی بخاتە گەڕ، بەڕاستی ئەوەی پێوستی بەگۆڕان هەیە پرۆگرامی خوێندنە... هەر لەقۆناغی سەرەتایی تاکو زانکۆ گۆڕانکاری گەرەکە بکرێ ئەوە ماوە بڵێین هۆنراوەکانی بەختەوەری شاعیر بەهەق شایانی ئەوەن کەلە قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی بخوێندرێن، ئەوەندەی ئاگاداربم هۆنراوەی (سەدەی زانست)کەهۆنراوەیەکی پەروەردەیی و زانستیە لەکتێبی (لالەزار) ی پۆلی شەشەمی سەرەتایی دەخوێندرێ وجگەرگۆشەکان لێی سوودمەندن.

ژمارەی تەلەفۆنە پێویستەکان

پایتەخت

ئاسایشی هەولێر:(٢٢٢٥١٨٣-٢٢٢٠٢٣٠)
پۆلیسی فریاکەوتن:(١٠٤-١٢٤-١٣٤-١٤٤)
بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ: (٢٢٣٠٢٩٢)
بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر: (٢٢٢٣٢٩٦٨)
دادگا:(٢٢٣٠٣٤٨)
ئاسایشی بەلدە:(٢٢٣٠١١١)
بنکەی ئاگرکوژێنەوە:(٢٢٢١٥٧٥)
کارەبای هەولێر:(٢٢٣٠١٩٢)
چاککردنەوەی کارەبا (صیانە):(٢٢٢٣٣٧٥)
چاککردنەوەی تەلەفۆناتی هەولێر: ٢٢٣٨٠٠١-٢٢٣٨٠٠٢-٢٢٧١٨٨٨-٢٢٥٣٣٣-٢٢٩٤٨٨٨
نەخۆشخانەی رزگاری:
١٤٠-١٤١-٢٢٧١٥١٦-٢٢٧١٥١٨)
نەخۆشخانەی لەدایک بوون و منداڵان:
(٢٢٤٠٠٦٧- ٢٢٤٠٠٦٦- ٢٢٢٢٤٦٥)
نەخۆشخانەی ئەمەل: (٢٢٦٢٦٥٧-٢٢٦٢٦٥٨)

نەخۆشخانەی فریاکەوتن:(١٢٢)
نەخۆشخانەی ئیمرجنسی:(٤٦٣٥-٢٤٩١١)
نەخۆشخانەی زانیاری:(٢٢٣٠٦٠٨)
نەخۆشخانەی رەسوولی تایبەت:(٢٢٢٩٧١٤)
نەخۆشخانەی هەولێری تایبەت:(١٢٨-١٤٧)
نەخۆشخانەی کوردستانی تایبەت: (١٣٥-١٣٨)
نەخۆشخانەی ڕاپەڕین بۆ منداڵان: ٢٢٤٣٣٧٨-٢٢٤٠٠٨٩
نەخۆشخانەی کۆماری:(١٥٥-١٥٤)
نەخۆشخانەی ژینی تایبەت: (٢٢٣٢١٤٤)
نەخۆشخانەی سینگ:(٢٢٣٠٦٢٨)
نەخۆشخانەی نانەکەلی:(٢٥٤٨٣٠١)
یەکێتی نوسەرانی کورد:(٢٢٢٢٢٨٠)
وەزارەتی رۆشنبیری:(٢٢٧٢٧٩١)
هۆڵی میدیا:(٢٢٣٠٢٧٥)
هۆڵی رۆشنبیری:(٢٢٦١٥٩٧)
هۆڵی گەل:(٢٢٣٠٢٧٤)
هۆڵی زەرد:(٢٢٣٢١٧٣)
بنکەی رۆشنبیری کاوە:(٢٢٤٢٨٤٣)
زانکۆی سەلاحەدین:(٢٢٢٤١٢٢)
سەتەلایتی کوردستان: (٢٢٣١٩٤٧ پیرمام)
(٢٢٣١٧٠٤ هەولێر)
(موبایل -٤٤٥٤٠٠١)
زاگرۆس tv: ٢٢٢٥١٧٣-٢٢٣٠٩١١-٢٢٣٠٩٧٩
زانکۆی هەولێری پزیشکی ٢٢٧٣٣٨٤
رادیۆی دەنگی کوردستان:(٤٤٥٦٢٦٢)
رادیۆی دەنگی پێشکەوتن:(٢٢٣٠٦٩٥)
مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن:(٢٢٣٠٢٢٨)
بگۆڕی شەقلاوە:(٠٦٦٧٢٥٢٠٠٠٠)
بگۆڕی سۆران: ٠٦٦٣٠٠٠٥١٦

دهۆک

ئەفسەری نۆبەدار ٧٢٢١٧٠٨
پۆلیسێن هەوار هاتنێ ٧٢٢١٧٠٧-١٠٤
نەهێلانا گوناهباریا ٧٢٢١٦٨٢
بنگەهێ پۆلیسێن خەبات ٧٢٤١٥٨٠
بنگەهێ پۆلیسێن نەورۆز ٧٢٢١٥٥٣
بنگەهێ پۆلیسێن سەرهلدان ٧٢٢١٦٨٦

کەرکووک

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکووک:(٢١٢٤٤)
بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی فریاکەوت:(٢١٧١٩٥)
بنکەی پۆلیسی میقداد:(٤٦٢٨٦٥)
بنکەی پۆلیسی ئازادی:(٢١٢٠٦٩)
بنکەی پۆلیسی عەرەفە:(٢١٧٠٦٩)
بنکەی پۆلیسی رەحیماوە:(٢١٧٠٦٩)
بنکەی پۆلیسی قۆریە:(٢١٢٠٧١)
بنکەی پۆلیسی پیریادی:(٤١٩١٦٨)
بنکەی پۆلیسی داقوق:(٦٥٠٠٠٦)
بنکەی پۆلیسی دووبس:(٣٢٠٠٧-٠٥٠٧)
بنکەی پۆلیسی پردێ:(٧٢٤٤٥-٠٥٠٦)
نەخۆشخانەی ئازادی:(٢١١٦٢١-٢١١٦٢٢)
نەخۆشخانەی کەرکووک:(٢١٢٢٢٣)
نەخۆشخانەی منداڵان:(٢١٧٦٠١-٢١٧٦٠٢)
لقی ٣ پارتی دیموکراتی کوردستان:(٢٢٠٢١١)

سلێمانی

ئاسایشی فریاکەوتن:(٣١٢٣٥٤٤)
ئاگر کوژاندنەوە:(٣١٢٠٩٧٠)
بەڕێوەبەرایەتی ئاگرکوژێنەوە:(٣١٢٠٩٧٠)
بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی:(٣١٣٠١٦٩)
بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی:(٣١٢٦٢٥٣)

نرخی خواردەمەنی:

یەک کیلۆ گۆشت بەرخ وگیسک 8000 دینار، یەک کیلۆ گۆشت نەرمە 10000 دینار، یەک کیلۆ شەکر 1000 دینار، یەک کیلۆ رۆن 1500 دینار، یەک کیلۆ برنج 250 دینار، یەک کیلۆ دۆشاوی تەماتە 1800 دینار، یەک کیلۆ مریشک 5000 دینار، یەک دەسک سلق 750 دینار، یەک دەسک کەرەوز 250 دینار، یەک کیلۆ هەنار 1500، یەک کیلۆ تەرۆزی 1000، یەک کیلۆ خیار 750 دینار، یەک کیلۆ مۆز 1500 دینار، یەک کیلۆ لیمۆ 1500 دینار، یەک کیلۆ تەماتە 500 دینار، یەک کیلۆ پەتاتە 500 دینار، یەک کیلۆ باینجان 750 دینار، یەک کیلۆ کولەکە 750 دینار، یەک کیلۆ شووتی 500، یەک کیلۆ ترێ 1000، یەک کیلۆ ماستی مەڕ 2500، یەک تەبەقە هێلکە 5750 دینار، یەک لیتر زەیت 1750 دینار، یەک دەسک تور 750.